## Abstract

The title of this research is The Structure of the Muwashah in the Poems of (Bakhtiar Zewar), an attempt to show the style with a description of the creative characteristics in the structure of his Muwashahs.

Muwashah originated in Andalusian poetry in the third century AH, when music, singing and dancing flourished. This art of poetry appeared in Kurdish literature in the 1930s. The poet Bakhtiar Zewar is considered one of the Kurdish poets who tried to renew poetry with new forms, including the Muwashah. Which was not present in the ancient Kurdish poetry. There are clear peculiarities in the Kurdish Muwashahs and its different types of Arabic Muwashahs in terms of structure and composition. The aim of this research is to show the artistic structure of the Kurdish Muwashahs, especially in Bakhtiar Zewar's muwashah. There is a clear void compared to the creativity of Kurdish poets in this field. Through this research, we reached new results on which this art form was based in the poems of Bakhtiar Zewar

https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2252.7

e-ISSN (2617-0752)	p-ISSN (2617-0744)

# میکانیزمی ئاماژەدان

## لە دەقاوێزانی ئاینیی شیعری (زاری)دا

عەبدولخالق شێخە سەعید

وەزارەتی پەروەردە/ ب. پ. سۆران

Khalq3375@gmail.com

پ. د. یادگار ڕەسوول حەمەدەمین

زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب

yadgar.ameen@soran.edu.iq

**پوختە**

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (میکانیزمی ئاماژەدان لە دەقاوێزانی ئاینیی شیعری "زاری"دا)، باس لە گرنگیی بەکارهێنانی میکانیزمی ئاماژەدان لە دەقاوێزانی ئاینیدا دەکات، بە نموونەی شیعری (زاری)، لە توێژینەوەکەدا بابەتی بەکارهێنانی میکانیزمی ئاماژەدان لە دەقاوێزانی ئاینیی شیعری (زاری)دا، لە پاڵ بوونی وێکچوون و هاوبەشی لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆی و پێش خۆی، لایەنی جیاواز و داهێنان و تێڕوانینی شاعیر بۆ ئاین، بە تایبەتی ئاینی ئیسلام دەستنیشانکراوە. توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ زیاتر ناساندنی ئەم میکانیزمە لە بواری ئاماژەدان بە دەقی قورئانی، فەرموودە، بابەت، کلتوور و مێژووی ئاینی، کە لە شیعرەکانی (زاری)دا ئاماژەپێدراوە، بەو هۆیەشەوە ڕەهەند و پانتایی ئاینی لە شیعرەکانیدا باس کراوە. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێک خراوەنەتەڕوو، ئینجا پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان تۆمارکراون، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

وشە کلیلییەکان: دەقاوێزان، ئاین، میکانیزمی ئاماژەدان، شیعری زاری

**میکانیزمی ئاماژەدان**

**لە دەقاوێزانی ئاینیی شیعری (زاری)دا**

**پێشەکی**

ئاین پەیوەندی بە هەموو بوارەکانەوە هەیە، یەکێک لەو بوارانە ئەدەبە، لە زۆربەی سەردەمەکاندا ئاین کاریگەری و ئامادەبوونی خۆی لەناو بەرهەمی شیعردا هەبووە، ئەم ئامادەبوونەشی لە ڕێگەی دەقاوێزانی ئاینییەوە بووە، یەکێک لەو میکانیزمانەی کە دەق و بابەتی ئاینی پێ دەستنیشاندەکرێت میکانیزمی ئاماژەدانە، بۆیە بەکارهێنانی ئەم میکانیزمە لە بواری دەقاوێزانی ئاینی لە شیعری (زاری)دا ڕەهەند و تێگەیشتن و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە لە توێژینەوەکەماندا تیشکمان خستووەتە سەری.

توێژینەوەکە بە پێی ڕێبازی (وەسفی- شیکاری) ئەنجامدراوە. ئامانج لە توێژینەوەکەش ئەوەیە تیشکێکی ورد بخەینە سەر گرنگیی مەبەست و بەکارهێنانی میکانیزمی ئاماژەدان لە دەقاوێزانی ئاینیی شیعری (زاری)دا.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا بابەتەکانی زاراوە و پێناسەی دەقاوێزان، ئینجا دەقاوێزانی ئاینی باسیان لێوەکراوە. لە بەشی دووەمیشدا میکانیزمی ئاماژەدان لە دەقاوێزانی ئاینیی شیعری (زاری)دا، بە وردی بە کۆمەڵێک خاڵ، بە نموونەی شیعری توێژینەوەی بۆ کراوە، لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

### ١.١. پوختەیەک لە بارەی دەقاویزان:

دەقاوێزان وەک بابەت و چەمکێکی ڕەخنەیی، لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم لە لایەن توێژەر و ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییەکان داهێنرا و پەرەی پێدراوە، ئەمەش ئەو ڕاستییەی سەلماند، هەموو دەقێکی ئەدەبی لەسەر خوانی دەقەکانی تر دەخوات، دەبێتە درێژەپێدەر و ڕەنگدانەوە و نوێبوونەوەی دەقەکانی پێش خۆی و هاوسەردەمی خۆی، بۆیە تا ئێستاش بابەتی دەقاوێزان بووەتە جێگەی بایەخ و گرنگیی نووسەر و ئەدیب و توێژەرانی بواری ڕەخنەی ئەدەبی.

### ١.١.١. زاراوەی دەقاویزان:

داهێنانی زاراوەی دەقاوێزان وەکو زۆربەی زاراوە ڕەخنەییەکانی تر بۆ ڕۆژئاواییەکان دەگەڕێتەوە، لە پاش بونیادگەرەکان سەریهەڵداوە و بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە.

زاراوەی (Intertextuality) لە بنچینەدا وشەیەکی لاتینییە, بە مەبەست و واتای نێوان تێکستەکان یان دەقئاوێزان بەکاردەهێنرێت (محمد, ٢٠٠٦: ٨)، بۆ یەکەمین جار لە لایەن (جولیا کریستیڤا)ی بە ڕەچەڵەک بولگاری، لەژێر کاریگەریی (باختین)، بە زمانی فەرەنسی لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی بیستەم، ئەم زاراوەیە لە بواری لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکارهات (اشمیتس, ١٣٨٩: ١٠٤) و ڕێگای بۆ لێکۆڵەرانی ئەم بوارە خۆشکرد.

لە زمانی فەرەنسیدا زاراوەی (inter.texuel.ite) بۆ دەقاوێزان بەکارهاتووە، لە سەرەتادا لای نووسەران و توێژەرانی فەرەنسی وەکو ئەو زاراوەیە بەکارهاتووە، کە (جولیا کریستیڤا) لەساڵی (١٩٦٦)

بەکاریهێناوە (ڕەسول, ٢٠١٣: ٣٢)، ئەم زاراوەیەش لە زاراوەی (intertext)ی فەرەنسی وەرگیراوە، کە وشەی (inter) بە مانای ئاڵوویر دێت، وشەی (text)یش ئاماژەیە بۆ مانای دەق، کە لە بنەڕەتدا لە زاراوەی (textus)ی لاتینی وەرگیراوە، کە مانای چنین یان چنراو دەگەیەنێت.

لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Intertextuality) بۆ دەقاوێزان بەکاردێت، ئەم زاراوەیە لە ڕەخنەی نوێدا لە ڕۆژئاوا بەو واتایە دێت، کە ڕۆنان و دروستکردنی مانای دەقەکان، لە دەقەکانی دیکەوە پێکدێت (تودوروف، ١٩٨٩: ٩٨)، یان زاراوەی دەقاوێزان بە مانای ڕۆنان و دامەزراندنی ئەو دەقانەی کە لە داهاتوودا دروستدەبن، لەسەر بنەمای سوودوەرگرتن لە دەقە نووسراوەکانی ڕابردوو.

مێژووی بەکارهێنانی چەمکی دەقاوێزان بۆ یەکەمین جار لای عەرەبەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٩) (حسێن، ٢٠١٢: ٥٣ )، بە شێوەیەکی گشتی لای توێژەرە عەرەبەکان، لەناو کۆمەڵێک زاراوەدا، بە زۆری زاراوەی (التناص) بەرانبەر دەقاوێزان بەکارهاتووە (المناصرە، ١٩٩٢: ١٧٧).

لە زمانی کوردیدا زاراوەی دەقاوێزان بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٩٩٧ز)دا بەکارهات و هاتە ناو بواری توێژینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیەوە، ئەویش بە دەستپێشخەریی لەلایەن (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی)ەوە، ناوبراو لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی (دەقئاویزان و نوێگەریێتی ئەدەبیمان) هەردوو وشەی (دەقئاوێزان) و (دەقلێکئالان)ی بەکارهێناوە، بەڵام نووسەر بە پەسەندتر و گونجاوتری دەزانێت، کە لە زمانی کوردیدا زاراوەی (دەقئاوێزان) لە بەرانبەر زاراوەی (intertextualite) بەکاربهێنرێت (بەرزنجی، ١٩٩٧: ١٦)، لە ئێستادا

زاراوەی دەقاوێزان لە بواری لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە ئەکادیمییەکاندا جێگیربووە و بەکاردەهێنرێت.

مێژووی بەرچاوکردن و بەکارهێنانی زاراوەی دەقاوێزان لە زمانی فارسیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠٠١)، واتە لەم بوارەدا بە چوار ساڵ دوای کورد هاتوون، ئەویش لە ڕێگای وەرگێڕانی کتێبەکەی (دەقاوێزان)ی (گراهام ئالن) بوو، بە ناوی (بنیامتنیت) لە لایەن (پیام یزدانجو) بۆ سەر زمانی فارسی، کە بۆ ماوەیەک سەرچاوەیەکی گرنگی دەقاوێزان بووە (آلن، ١٣٨٩: ٧ )، زاراوەکە بە چەندین شێوە و تێگەیشتنی جیا لە وەرگێڕاندا، لە زمانی فارسیدا بەکارهاتووە، بەڵام دیارترینیان لە بەربڵاویی بەکارهێناندا (بنیامتنیت)ە.

کەواتە لە ماوەی تێگەیشتنمان لە چەمک و واتای دەقاوێزان لەم زمانە جیاوازانەدا، وەک پڕۆسەیەکی داهێنەرانەی لێکۆڵینەوە و ڕەخنە و بەراوردی دەقی ئەدەبی، بۆمان ڕووندەبێتەوە زاراوەی دەقاوێزان ئەو واتایە دەگەینێت، کە هیچ دەقێک بێ تێکئالان و بێ کاریگەری و بێ پەیوەندیبەستن لەگەڵ دەقەکانی تر دروستنابێت.

### ٢.١.١. پێناسەی دەقاوێزان:

دەقاوێزان وەکو زۆربەی زاراوە و میتۆدە ڕەخنەییەکان، لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە بەکارهاتووە، هەر خۆشیان دەستپێشخەر بوون لە پێناسەکردنیدا، لە زمانی ئینگلیزیدا دەقاوێزان (intertextuality) بریتییە لە "هەڵمژینی دەق بۆ دەقەکانی تر، لەگەڵ زیادکردن و کەمکردن و گۆڕان و گواستنەوەدا، بە شێوەیەک وا لە دەقێک دەکات بە دەقەکانی تر کە لە ژماردن نایەن، دووبارەببێتەوە" (معاش، ٢٠٠٤: ١٠)، بەڵام لێکۆلەر و ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییەکان لە زۆر ڕوانگەوە بۆ بەیەکداچوون و

هاوشێوەیی و پەیوەندیی نێوان دەقەکان، چەندین پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ دەقاوێزان کردووە.

داهێنەری زاراوەی دەقاوێزان (intertextuality)، (جولیا کرستیڤا) دەڵێت: "دەقاوێزان بریتییە لە یەکتربڕین لەناو دەقدا، ئەمەش بەو مانایەی دەربڕینە لە وتەیەک کە لە دەقی ترەوە وەرگیراوە، هەروەها کاری دەقاوێزانی بریتییە لە یەکتربڕین و گۆڕین" (أنجینو، ١٩٨٧: ١٠٣)، واتە تەنها بەناویەکداچوونی دەقەکان نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی داهێناندا گۆڕانکاریش لە دەقدا دەکرێت.

(جیرار جینیت) پێناسەی دەقاوێزان دەکات بەوەی "بریتییە لە بوونی دەقێک لە دەقێکی تردا، یان ئامادەبوونی چەند دەقێکە لە دەقێکدا کە نووسەرەکە بەرهەمیدێنێت، ئینجا بە ئامادەباشییەکی ڕاستەخۆ بێت، یان بە شاراوەیی" (البقاعی، ١٩٨٨: ١٣٢)، واتە لەسەر بنەمای بوونی پەیوەندیی دەقێکە تەنیا بە دەقێک، یان زیاتر بە دەقێکەوە.

(ڕیڤاتێر) پێیوایە دەقاوێزان "درککردنی خوێنەرە بە هەبوونی پەیوەندییەکانی نێوان نووسەر و نووسەرەکانی تر، کە لە پێشیدا هەن، یا هاوچەرخین" (نعیمة، ٢٠١٠: ٦)، مەبەست لەم پەیوەندییانەش هەبوونی بابەتی هاوبەش و لێکچوو و تێکئالانی دەقەکانە لەگەڵ یەکتریدا.

نووسەرانی کوردی بواری توێژینەوەی دەقاوێزان، لە ژێر کاریگەریی ڕۆژئاوایی و عەرەبەکان باسیان لە بابەتی دەقاوێزان کردووە، بە پێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان، یەکەمین کەس لەناو کورددا، باس و پێناسەی دەقاوێزانی کردبێت، (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) بووە، کە دەڵێت: "چەند دەقێک تێکەڵاو دەبن و دەقێکی نوێیان لێ پێکدێت جۆرە پەیوەندییەک لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدات" (بەرزنجی، ١٩٩٧: ٢٥)، ئینجا ئەم

پەیوەندییە لە ڕێگای کۆمەڵێک یاسا و جۆر و میکانیزم، بە شێوەی ئاگایی و مەبەست بێت، یان بە شێوەی نائاگایی دروستدەبێت.

توێژەرێکی تر دەڵێت: "دەقاوێزان بریتیە لە لێکدان و ئاوێتەبوون لە نێوان دەقە جیاوازەکاندا، لە پێناو بەرهەمهێنانی دەقێکی نوێی خاوەن چەند ڕەهەندی و دەلالی و گوزارشتی جیاواز، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵدانە بۆ هەڵوەشاندنی ئەم دەقە و بنیاتنانی دەقێکی نوێ" (امین، ٢٠١٥: ٩٢)، ئەم پێناسەیەش نزیکدەبێتەوە لە بۆچوونی (ژاک دریدا)ی سەرئامەدی هەڵوەشاندنەوەگەراییەکان، چونکە پێیوایە "هەڵوەشاندنەوە پڕۆژەیەکە دەچێتە ناو هەموو لقە مەعریفییە جیاوازەکانەوە" (صالح، ٢٠٢٠: ١٤)، بەم پێوانەیەش بێت واتە دەقاوێزان وەستانی لە دەقێکدا نییە، بەڵکو دەقی تازەش بەشدار دەبێت لە دەقاوێزانکردن لەگەڵ دەقەکانی داهاتوودا.

توێژەرێکی تر هاوڕای (کریستیڤا)یە، بەوەی کە دەقاوێزان ئەوەیە کە دەقێکی نووسراو چەند دەقێکی پێش خۆی لە شێوەی وەرگرتن و تێهەڵکێش و ئاماژەوە وەردەگرێت و دەقێکی دیکەی نوێی لێ دروستدەبێت (حسێن، ٢٠١٢: ٢٦)، کە جیاوازە لەگەڵ دەقەکانی پێشوودا.

لە ماوەی سەرنجدانمان بۆ کۆی ئەو پێناسانەی بۆ دەقاوێزان کراون، هەموویان جەختکردنەوەن لەسەر بەناویەکداچوون و گوێزانەوە و وەرگرتن و پەیوەندی و گوزارشتکردنی دەقەکان لەسەر یەکتری، بە شێوەی ئاگایی بێت یان نائاگایی، ئەمەش لە چوارچێوەی یاسا و جۆر و میکانیزمەکانی پڕۆسەی دەقاوێزاندا ڕوودەدات.

### ٢.١. دەقاوێزانی ئاینی:

ئاین بە تەواوی مەبەست و ڕەهەندەکانییەوە، لە دێرزەمانەوە سەرچاوە و بنەوانێکی سەرەکی بووە لە پێکهاتە و بونیادی دەقە

ئەدەبییەکاندا، نووسەر و شاعیران بە درێژایی مێژوو تا ئەمڕۆش لە نووسینی دەقەکاندا، کەم تا زۆر سوودیان لە سەرچاوە ئایینییەکان وەرگرتووە و دەقاوێزانی بەرهەمەکانیان پێکردووە.

مەبەست لە دەقاوێزانی ئاینی ئەوەیە "نووسەر پشت بە سەرچاوە و گێڕانەوە و ئەفسانە ئاینییەکان دەبەستێت و لەنێو دەقەکەی خۆیدا دەیانتوێنێتەوە بە پێی یاساکانی تایبەت بە دەقئاوێزان تێکەڵی بونیادی دەقەکەی خۆی دەکات" (مەولود، ٢٠١٧: ١٤٧)، لە خستنەڕووی بابەتێکدا پشت بەو سەرچاوە ئاینییە دەبەستێت و دەقاوێزانی لەگەڵدا دەکات، چونکە "پەرتوکێن ئاینی (تەورات و ئینجیل و قورئان) و مێژوویا ئاینان، بابەتێن هەمەجۆر و سەربۆرێن زەنگین ب هۆزانڤانا بەخشینە. ئەوان مفا ژ سەربۆرێن کەسایەتی یێن مینا (زەرادەشت، موسا، یوسف، عیسایێ مەسیح، مەریەما پاقژ، ئەلعازر، یهودا، محمد، حوسەین ....هتد) دیتییە" (حیتو، ٢٠١٩: ٥٨٢-٥٨٣)، ئەم سوودبینینەش سەرچاوەیەکی گرنگی بۆ دەقاوێزانی ئاینی دەستەبەرکردووە.

ئەو سەرچاوە ئاینییانەی لە دەقاوێزانی ئاینیدا شاعیر بۆ نووسینی دەقەکەی سوودی لێ دەبینێت، بریتین لە دەقی ئاینی یان هەر بابەتێک کە لە چواچێوەی بابەت و بیروباوەڕی ئاینیدا بێت، شاعیر بە مەبەستی پاڵپشتی هێزێکی خودایی و بە ئامانجی بەهێزکردن و کاریگەری و ڕازاندنەوەی دەقەکەی دەقاوێزانی لەگەڵدا دەکات، بۆیە "سەرچاوەی ئاینی، ئەو جۆرە دەقئاوێزانەیە کە شاعیر دەقێکی ئاینی (فەرموودە، قورئان، ئینجیل، تەورات، ..هتد) یان هەر شتێک کە لە چوارچێوەی ئایندا جێگەی بێتەوە، بە مەبەستی بەهێزکردن یان جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەقەکەی، یاخود زۆرجار نووسەر لە ناخەوە پێویستی بە هاوکاریی یەزدان هەیە وەک پاڵپشتێکی مەعنەوی بۆ سەرکەوتن لە کارەکانیدا" (حسنین، ٢٠١٠: ٢١٦) دەقاوێزانی لە شیعردا پێدەکات، بەمەش بابەتی ئاینی لە چوارچێوەی

داهێنان و مەبەستی شیعریدا بەشدار دەبێت، واتە لەگەڵ دەقاوێزانی ئاینیشدا ڕەچاوی داهێنان لە دەقی تازەدا دەکرێت.

**بەشی دووەم**

## ٢. میکانیزمی ئاماژەدان لە دەقاوێزانی ئاینیدا

لە پرۆسەی دەقاوێزاندا هەندێک ئامراز و میکانیزم هەن، کە بە بێ ئەوان ناتوانرێت دەقاوێزان دەستنیشانبکرێت، میکانیزمەکان دوو بەشن (کورتکردنەوە و درێژکردنەوە)، کە هەر یەکەیان لە چەندین ڕێکار پێکدێن. یەکێک لە میکانیزمەکانی کورتکردنەوە بریتییە لە ئاماژەدان، ئینجا ئەوەی ئێمە لە دەقاوێزانی ئاینیدا مەبەستمانە، دەبێت بەکارهێنان و دیاریکردنی میکانیزمی ئاماژەدان لە چوارچێوەی پاشخان و کلتوور و دەق و بابەتی ئاینیدا بێت.

ئاماژەدان تێلنیشانیشی پێدەگوترێت (ڕەسول، ١٣٧٤: ٥٧٢)، مەبەست لەم میکانیزمە ئەوەیە کە بیرۆکە یان دەقێکی وەرگیراو، لە دەقی ڕۆنراودا بە شێوەیەک لە شێوەکان بە وشەیەک یان زیاتر، چڕ و کورت و پوخت دەکرێتەوە، بەڵام مانا و مەبەستێکی تەواو بە خوێنەری تێگەیشتوو دەدات.

ئاماژەدان بە یەکێک لە گرنگترین میکانیزمەکانی کورتکردنەوە لە دەقاوێزاندا دادەنرێت، واتە ئاماژەدانە بە وشەیەک، دەستەواژەیەک، ڕستەیەک یان دەقێک بە بێ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی پێویست، ئەمەش ئاماژەکردنە بۆ ناوێک، ڕووداوێک یان چیرۆکێکی ناسراو و بەناوبانگ بە بێ پەراوێز و ڕاڤەبۆکردن، زانین و بیرخستنەوەشی دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەری زیرەک و بەئاگا (ناهم، ٢٠٠٤: ٩٠)، واتە

خوێنەر ڕۆڵی سەرەکی و تەواوکاری لە تێگەیشتن و زانینی مەبەستی ئەم ئاماژەدانانە لە دەقاوێزاندا دەبێت.

کەواتە تێلنیشان "بریتییە لە ئاماژەدانی شاعیر، بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەیەک، یان پەندێکی پێشینان و ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ، یان داستان و بەسەرهات و هەر شتێکی تری هاوشێوە، بەڵام بێ ئەوەی کە ئاماژە بۆ شتێک دەکات، لە سەری بوەستێ و بە درێژی باسی بکات، بەڵکو هەر بە ئاماژەیەکی خێرا بەسەریاندا تێدەپەڕێت" (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢: ١٤٦).

میکانیزمی ئاماژەدان لە ناسینەوەی دەقی نائامادە لە پڕۆسەی دەقاوێزاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، لەبەرئەوەی دەقاوێزان بریتییە لە کرداری ئامادەبوونی دەقێک لەناو دەقێکی تردا، بە شێوەیەکی دیار بێت یان نادیار، ئاماژەدانیش لایەنێکی سەرەکی ئامادەبوونی دەقی نائامادە پێکدێنێت، بە ڕادەیەک دەقە بزرەکە، واتە ئاماژەپێکراوەکە لە ڕێگای ئاماژەکردنەکەوە بوونی خۆی بە شێوەیەکی ئاشکرا دەسەلمێنێت (واصل، ٢٠١١: ٧٨-٧٩). گرنگترین ئاماژەدانەکانی دەقاوێزانی ئاینی، لە میکانیزمی ئاماژەدان لە شیعری (زاری)[١]دا ئەمانەن:

## ١.٢. ئاماژەدان بە ناو و سیفەتەکانی خودا:

بە شێوەیەکی گشتی ناوهێنان و ئاماژەدان بە ناو و سیفەتەکانی خودا، لە شیعری (زاری)دا زۆر بەکارهاتووە و گرنگی پێدراوە، ئەمەش لە کانگای ناسین و خۆشەویستیی شاعیر بۆ خودا و بەرزڕاگرتنی ناو و سیفەتە جوانەکانی هەڵقوڵاوە، ئاماژەدانەکانیش بە دوو شێوەن:

### ١.١.٢. ئاماژەدان بە وشە و زاراوەی خۆماڵی و کوردی:

بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

<u>نـادیـار</u> و دیـار و <u>دوور</u> و <u>نــزیک</u>

<u>بوویت</u> و <u>هەیت</u> و <u>هەر ئەبیت</u> خودا (زاری: ٢٢)

وشە هێڵبەژێرهێنراوەکان ئاماژەدانن بۆ ناو و سیفەتی خودا.

### ٢.١.٢. ئاماژەدان بە وشە و زاراوەی ناو دەقی قورئان:

لەم نموونەیەدا وشە هێڵبەژێرهێنراوەکان ئاماژەدانن بۆ ناوی خودا:

خـوداوەندا <u>قەدیر</u> و <u>قـــادر</u> و <u>قەییوم</u> و بێچوونی

کەڕەم کە ڕەحمەتت با بێ، کەرەم کاری کەریمانە (زاری: ١٨٦)

ئاماژەدان بە ناو و سیفەتی جۆراوجۆری خودا لە شیعری (زاری)دا، شارەزایی شاعیر لە ناسین و زانینی ناو و سیفاتەکانی خودای گەورە دەردەخەن.

### ٢.٢. ئاماژەدان بە قورئان:

لە شیعری (زاری)دا ئامادەبوونی قورئان پانتاییەکی بەرفراوانی هەیە و زۆرترین ئاماژەدانی بۆ کراوە، بەم شێوانەی خوارەوە:

### ١.٢.٢. ئاماژەدان بە زاراوەی قورئانی:

لە شیعری (زاری)دا گرنگیدراوە بە بەکارهێنانی ئەو وشە و زاراوانەی کە لە دەقی قورئاندا بەکارهاتوون و گواستراونەتەوە بۆ ناو

پانتایی شیعرەکانی، لەبەرئەوەی دەکرێت ئەو زاراوانەی کە پەیوەندییان بە قورئانەوە هەیە و لە شیعردا هاتبن وەکو تێلنیشان بەکاربهێنرێن، بۆیە دەبینین لە شیعری (زاری)دا زاراوەی جۆراوجۆر بەرچاودەکەون کە سەرچاوەکەیان لە قورئانەوەیە، بە مەبەستی پیرۆزی و کاریگەربوون بەو کتێبە پیرۆزە بەکارهاتوون. بۆ نموونە لەم دێڕەدا ئەو وشانەی هێڵیان بەژێردا هاتووە، ئەو جۆرە زاراوانەن:

غەیر حەق بە ((نص)) ئایەی قورئانی

ژمـارەی ئـەوان هیچ کەس نەیـزانی (زاری: ٣٢٢)

ئەو زاراوانەی کە بنەوانیان لە قورئانەوەیە و لە شیعری (زاری)دا بەکارهاتوون زۆرن، ئەمانە کۆمەڵێکن: (ئیسلام ل ٢٣٢، ئیمان ل ٢٤٩، ئایەت ل ٢٦٤، ئیعجاز ل ٣٢٣، جهنم ل٣٤٤، جەننەت ل٢٥٠، جنت الماوا ل٩٨، تەوبە ل ٢١٥، تووبا ل ١٢٧، المهاجر ل٣٢٨، حەق ل ٢٦٣، حەو سەما ل١٥٠، حوور ل ٢٩٩، قورئان ل ١٠٤، قیبلە ل ٢٦٨، سەماوات ل٩، عەدەم ل ٣١٧، غیلمان ل ٢٩٩، موعجیزە ل ٣٣٧، میحراب ل ٣٣٢، مەلەک ل١٥٣، هارووت ل١٧٤، یەهوود ل ٣١٨، یەئجووج ل ٢٨١، نەساری ل ١١٠)، هەندی لەو وشانە زۆر دووبارە بوونەتەوە، شاعیر بە مەبەستی جەختکردنەوە بەکاریهێناون، وەکو (ئیسلام ٤٤ جار، حەق ٨٨ جار)، ئەمەش لە کانگای بەپیرۆزگرتن و باوەڕی شاعیرەوە هەڵقوڵاوە.

### ٢.٢.٢. ئاماژەدان بە ئایەتی قورئان:

قورئان وەکو کتێبێکی پیرۆزی ئاسمانیی نێردراو لە لایەن خودا بۆ پێغەمبەری ئیسلام، لە (٦٢٣٦) ئایەت پێکهاتووە، کە پۆلێندەکرێن بەسەر چەندین بەشی (بنەمای ئاینی، یاسادانان، ئامۆژگاری، بەسەرهات و چیرۆکی جۆراوجۆر... هتد)، شاعیر لە چەندین شوێندا بە مەبەست

ئاماژەی داوە بە ئایەتێکی دیاریکراوی قورئان، بۆ نموونە لەم دێڕەدا ئاماژە بە ئایەتی (سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنۡ ءَايَٰتِنَآۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ) (الإسراء: ١) دەکات و دەڵێت:

ئـــایەتی سوبحـــان بەحسی واقیعـــەی ((ئەسرا)) ئەکا

نەقڵی چوونی ئەو بە شەو بۆ ((مسجد الاقصی)) ئەکا (زاری: ٢٩)

### ٣.٢.٢. ئاماژەدان بە سوورەتی قورئان:

پەرتووکی قورئان لە (١١٤) سوورەت پێکهاتووە، کە دابەش دەبن بەسەر دوو بەش، (٨٦) سوورەتی مەککی و (٢٨) سوورەتی مەدینەیی، هەر سوورەتێکیش لە کۆمەڵێک ئایەت پێک هاتووە. لەم نموونەیەدا شاعیر لە نیوەدێڕی دووەمدا وەکو بەڵگەی پایەبڵندی پێغەمبەری ئیسلام لە لایەن خوداوە، ئاماژەی داوە بە ناوی شەش سوورەتی قورئان و دەڵێت:

یەک نموونە رفعەتی پـــایەی ئەتۆیە بێ گومان

"یاسین و طه و صاد و نەجم و نون و الضحی" (زاری: ٢٣)

### ٤.٢.٢. ئاماژەدان بە چیرۆکی قورئانی:

لەناو قورئاندا کۆمەڵێک چیرۆک و سەرگوزشتەی پێغەمبەران و نەتەوەکانی پێشوو گێڕدراونەتەوە، (زاری) ئاماژەی بە چەندین لەو بەسەرهات و چیرۆکانە کردووە، وەکو: (بەسەرهاتی ئەییوب ل١٥٢، بتانی ئازەر ل١٥٢، حەووا و ئادەم ل٢١٧، یوسف و زولەیخا ل٢٨، سولەیمان و بەڵقیس ل٢٣٠، باخی ئیرەم ل١١٥، موسا و فیرعەون ل١٢٩، موڵکی قارووون ل١١٦، ئیبراهیم و نەمروود ل٣٠٢، نە، سەبری ئەییوب ل١١،

سپای یەئجووج ل٢٨١، سیحری هامان ل٢٢، نەجاتی نۆح ل٩٩)، ئەمەش بە مەبەستی کاریگەری و پەندلێوەرگرتن بووە، شاعیر لە زۆر شوێندا ئاماژەی پێداوە، بۆ نموونە لە ئاماژەدان بە چیرۆکی یوسف پێغەمبەر و زولەیخادا دەڵێت:

کامین یۆسفی نەهاویشتە بیر

پای کام زولەیخای نەکرد وە زنجیر (زاری: ٣٠٣)

**٣.٢. ئاماژەدان بە ناوەکانی پێغەمبەری ئیسلام:**

لە شیعرەکانی (زاری)دا پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د.خ) گرنگییەکی زۆری پێدراوە، لای شاعیر شوێن و بایەخێکی تایبەتی هەیە، بۆیە دەبینین لەناو شیعرەکانیدا ناوی جیاواز و ناسناو و سیفەتی جۆراوجۆر بۆ ئەو پێغەمبەرە بەکارهێنراون، کە سەرچاوەیان لە قورئان و فەرموودە و کلتووری ئیسلامییەوە هاتوون، ئەمەش بە پێی میکانیزمی تێلنیشان بۆ ناوبردنی پێغەمبەر و پیشاندانی سیفەتەکانی بەکارهاتوون. بۆ نموونە (زاری) لەم دێڕەدا (شەهنشاهی مەدینە)ی بۆ بەکارهێناوە و دەڵێت:

ئەی شەفابەخشی نەخۆشانی زەلیل و شێت و هار

ئەی شەهەنشاهی مەدینە ڕەحمەتی پەروەردگار (زاری: ١٧٧)

لە شیعری (زاری)دا، ئەو ناو و سیفەتانەی کە ئاماژەیان بۆ ناوبردنی پێغەمبەری ئیسلام کردووە، لەگەڵ دەستنیشانکردنی لاپەڕەی دیوانەکەی، ئەمانەن: (ابن عبدالله ل٣٢٧، ئەحمەد ل٥٨، ئیمامی ئەنبیاکان ل٦٨، ئیمامی دنیا ل١٥٣، ئیمامی مەسجیدی ئەولیا ل١٥٦، ئەمانی ئەهلی خەتا ل١٠٤، ئەمیری جن و ئینس ل١٩٤، خاتەمی پێغەمبەران ل٦٨، خیر الأنام ل٣٣٣، خیر البشر ل٩٩، خیر الرسول ل٩٩، خۆشەویس ل١٥٣، دوڕی ئادەم

ل١٥٤، تاها ل٤٠، تکاکاری گونەهکاران ل١٧٨، تکاکاری مەیدانی حەشر ل٣٣٣، ڕەئیس پێغەمبەران ل٣٢٣، پێغەمبەری موختار ل٢٠٣، پێغەمبەری سالاری عەرەب ل٣٢٧، حەبیبی خودا ل٦، رسول الله ل١٠، حەزرەتی خاتەم ل٣٣٩، حەزرەتی ممتاز ل١٣٠، رحمە للعالمین ل٢٥، ڕەحمەتی دونیا و قیامەت ل٤٠، رەسووڵی ئەکرەم ل٣٣٨، ڕەسوڵی خودا ل١٥٣، ڕەسوولی ئینس و جان ل٢٣٥، سەروەری ئەنبیا ل٨، ساحیب نوور ل٣٠، ساحیب وەسیلە ل٢٠٥، ساحێبی کەوسەر ل٤٠، سوڵتانی دین ل١٠٢، سوڵتانی مێعراج ل٤٠، سوڵتانی "اسرا" ل٤٠، شافیع ل٧، شەهەنشاهی مەدینە ل١٧٧، شای بوراق سوار ل٣١٦، شای قاب قوسین ل٣٢٣، شەفیع ل١٧٧، فەخری ئادەم ل٢٣، فەخری بەشەر ل٨، عەبدی ئەعلا قەدەر ل١٠٢، محەممەد ل٣٢٢، محمد المصطفی ل٩٩، محمدامین ل٣٢٤، مەحموودی موختار ل٣٥، مەبعووسی خودا ل٢٥، موختار ل٩، موستەفا ل٢٥، نەخوێندەوار و عەللامە ل١٥٦، نور الهدی ل١٠٤، نعم الرسول ل٣٣٣، هەڵبژێریاوی خودا ل٢٣، وەسیلەی نەجات ل٤٠، یاسین ل٤٠).

ئەوەی تێبینی دەکرێت و جێگای سەرنجە لە ئاماژەدان بەو هەموو ژمارە زۆرەی ناوبردنی ناو و سیفەتەکانی پێغەمبەری ئیسلام، (زاری)ی شاعیر زیاتر لە خودا ئاماژەی بە ناو و سیفەتەکانی پێغەمبەر داوە، ئەمەش لە سۆنگەی خۆشەویستیی شاعیر بۆ پێغەمبەرەکەی و زانینی پایەکەی بووە، بەڵکو وەکو تکاکارێک لە لای خودای باڵادەست لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا وەک پەیڕەوکارێکی ئاینی ئەو پێغەمبەرە داوای لێخۆشبوونی بۆ بکات.

### ٤.٢. ئاماژەدان بە فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلام:

فەرموودەکان بە سەرچاوەی دووەمی ئاینی ئیسلام دادەنرێن، پەیڕەوکارانی ئاینەکە سوودی لێ دەبینن، بە چەندین شێوەش پۆلێنکراون، بۆیە (زاری) گرنگی پێداوە و لە چەندین شوێندا ئاماژەی پێ کردوون، بۆ

نموونە لەم دێڕەدا ئاماژە بە فەرموودەی "لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ" (الشيباني: ١٣٦٨٣/١) کردووە، دەربارەی پایەی ئەو دەستەی لە سەرەوەیە و دەبەخشێت، ئەو دەستەش یارمەتی وەردەگرێت شەرمەزار و خەجاڵەتە، بۆیە دەڵێت:

خاوەنی دەستی ژوور، سەربەرزە

خـاوەنی دەسـتی ژێــرەوە ڕســوا (زاری: ٣١)

### ٥.٢. ئاماژەدان بە ناوی پێغەمبەران:

(زاری) لە شیعرەکانیدا جگە لە پێغەمبەری ئیسلام، ئاماژەی بە ناوی زۆر پێغەمبەری ئاینەکانی تر داوە، کە لە قورئان و فەرموودەدا ناو و بەسەرهاتیان هاتووە، مەبەستی شاعیریش ئەوە بووە، لە لایەکەوە پاشخانی زانیاریی شاعیر لەسەر کار و ڕاسپاردنی ئەو پێغەمبەرانە پیشاندەدات، لە لایەکی ترەوە بۆ پەندوەرگرتن لە ژیان و بەسەرهاتی نەتەوەی ئەو پێغەمبەرانە بووە. بۆ نموونە لە شوێنێکدا شاعیر دەڵێت:

لە غەرق و حەرق و دمی نەهەنگ و داوی بەڵا

نەجــاتی نــۆح و خەلــیل و یۆنس و بوالبشر (زاری: ٩٩)

لەم دێڕەدا شاعیر لەگەڵ ئاماژەدان بە ناوی چوار پێغەمبەر، ئاماژەش بە نەهامەتی و تاقیکردنەوەی ئەو پێغەمبەرانە دەکات، بەوەی پێغەمبەر (نوح) لە لافاوی گەورەی دونیا و (ئیبراهیم) پێغەمبەریش لە سووتانی ناو ئاگر و (یونس) پێغەمبەریش لەناو سکی نەهەنگ لە دەریا، هەروەها پێغەمبەر (ئادەم)یش لە فێڵ و تەڵەکەی شەیتان بە یارمەتیی خودای گەورە ڕزگاریان بوو.

له شیعری (زاری)دا ئاماژەدان بە ناوی ئەم پێغەمبەرانە کراوە: (ئادەم ل٦، ئیبراهیم (خەلیل) ل٣٠، ئیسماعیل ل٢٢٤، ئیدریس ل١٥، ئەیوب ل٣١، ئیسحاق ل٣٢٤، ئیلیاس ل٣٢٤، ئەرمیا ل١٥١، الیسع ل٣٢٤، زەکەریا ل٣٠٢، زەبیح ل١٥٢، زولکەفل ل٣٢٤، جەرجیس ل٢٣٠، داوود ل٧٧، عیسا (مەسیح) ل٣٣، ساڵح ل٣٢٤، سولەیمان ل١، شوعەیب ل٣٢٤، شیت (شەیس) ل٣٢٢، مووسا (کەلیم) ل٢٩، لووت ل٣٢٤، نووح ل٩٩، هاروون ل٣٢٤، هوود ل٣٢٤، یەحیا ل٣٠٢، یەعقوب ل٣٢٤، یونس (ذو النون) ل١٧٦، ١٥٢، یوسف ل٥٦)، ئەمەش ئەوپەڕی گرنگیدانە بە پلەوپایەی ئەو پێغەمبەرانە.

### ٦.٢. ئاماژەدان بە موعجیزەی پێغەمبەران:

پێغەمبەران نێردراوی خودای گەورەن بۆ ڕێنموویی ڕێگای ڕاستیی مرۆڤایەتی، هەر یەکەیان بە گوێرەی پایە و سەردەمەکەی خاوەن موعجیزە (پەرجوو)[٢]ی تایبەت بە خۆیان بوون کە لە قورئان و فەرموودە و دەقە ئاینییەکاندا باسیان لێوەکراوە.

(زاری)ی شاعیر لە زۆر شوێندا ئاماژەدانی بە موعجیزەی پێغەمبەران کردووە، ئەمەش بۆ پاشخانی زانیاریی شاعیر لەو بوارە دادەنرێت، بە مەبەستی کاریگەربوون و خۆشەویستی بۆ ئەو پێغەمبەرانە پەنای بۆ بردوون، بۆ نموونە لەم دێڕەدا شاعیر ئاماژە بە موعجیزەی پێغەمبەری ئیسلام دەکات، کاتێک لە ناو پەنجەکانی ئاوی پاک هەڵقوڵاوە و لەشکرێک لەو ئاوەی خوادووەتەوە و لە تینوویێتی ڕزگاریان بووە، بۆیە دەڵێت:

ئاوی شیرینی لە قامک هەڵقووڵی

لەشکری موستەغنی لـەم ئـاوانە (زاری: ١٣٠)

موعجیزەی ئەو پێغەمبەرانەی لە شیعری (زاری)دا ئاماژەدانی بۆ کراوە، ئەمانەن: (ڕزگاربوونی ئیبراهیم لەناو ئاگر ل٥٦، کەشتیی نووح ل٣٣٧، مورغی سولەیمان ل٣٨، ئەنگوستیلەی سلێمان ل٧٩، مردوو زیندووکردنەوە لە لایەن عیسا ل٣٤٨، یەدی بەیزای مووسا ل٣١، گۆچانی مووسا بوو بە مار ل٣٢، بوونی یونس لەناو سکی حووت ل٣٥، ئاوهەڵقوڵان لەناو پەنجەکانی محەمەد (د.خ) ل١٠٢، مانگ لەتکردن لە لایەن محەمەد (د.خ) ل١٣٠، نەبوونی سێبەری محەمەد (د.خ) ل١٠٨، گریانی داری وشک بۆ محەمەد (د.خ) ل١٠٢).

**٧.٧. ئاماژەدان بە ناوی فریشتەکان:**

لە شیعری (زاری)دا ئاماژە بە ناوی کۆمەڵێک فریشتەی خودا کراوە، کە هەر یەکێکیان لە لایەن خوداوە دروستکراون، ڕاسپێردراون بە لەئەستۆگرتنی ئەرک و ئەنجامدانی فەرمانێک، سەرچاوەی شاعیر بۆ ئاماژەدان بە ناوبردنی ئەو فریشتانەش، باسکردنیان لە قورئان و فەرمووده وەرگیراوە. بۆ نموونە (زاری) دەڵێت:

وا لە سیدرە تێپەڕی ((روح الامین))

حەیرەتی لەو ڕۆین و جەولانە کرد (زاری: ١٢٩)

لێرەدا ئاماژە بە (جبرائیل)ی فریشتە کراوە، کە هاوگەشتی پێغەمبەر بووە لە شەوڕۆیی (میعراج)، لێرەدا دەقاوێزانە لەگەڵ ڕووداوی شەوڕۆیی پێغەمبەر و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمانەکان، بۆ لای خودا، کە لە قورئاندا باسکراوە و دەڵێت: (سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنۡ ءَايَٰتِنَآۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ) (الإسراء: ١).

له شوێنی تری دیوانی (زاری)دا، ئاماژە بە ناوهێنانی ئەم فریشتانە کراوە: (جوبرەئیل ل٣٢٢، میکائیل ل٣٢٢، ئیسرافیل ل٣٢٢، عیزرائیل ل٣٢٢، ڕەقیب ل٣٢٢، عەتید ل٣٢٢، نەکیر و مونکیر ل٣٢٢، مالك ل٣٢٢، حماله العرش ل٣٢٢، جبریل ل٣٢٢، روح الامین ل١٢٩).

### ٨.٢ ئاماژەدان بە ناوی جێنشینەکانی پێغەمبەر:

جێنشینانی پێغەمبەر، هەر چوار فەرمانڕەواکانی ڕاشیدین پێکدێن لە (ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان و عەلی)، ژیان و بەسەرهات و فەرمانڕەوایی کردنیان بوونەتە جێگای سەرنج و بایەخدانی شاعیر، لەم دێڕەدا ئاماژەی بە ناوبردنی هەر چواریان کردووە و بە سەرداری یارانی پێغەمبەری ناوبردوون و دەڵێت:

سەرانـــی ئەسحاب، ئەمیرەکــانی ((اولو الرشد))

بـووبەکر و عوسمـان و عەلـی مورتەزا و عومەر (زاری: ١٠٤)

ژمارەی ئاماژەدانەکان بە ناوهێنانی جێنشینانی پێغەمبەر لە دیوانی (زاری)دا بەم شێوەیەیە:

| ناوی جێنشین | ژمارەی ئاماژەدان | ژمارەی لاپەڕە لە دیوانی (زاری) |
|---|---|---|
| ئەبوبەکر | ٥ | ١٣، ١٠٤، ١٣٨، ١٥٨، ٣٣٨ |
| عومەر | ٩ | ١٠٤، ١٥٨، ٣٣٨، ٣٣٩، ٣٤٣ |
| عوسمان | ٥ | ٣٧، ١٠٤، ١٥٨، ٣٣٩، ٣٤٣ |
| عەلی | ٥ | ١٠٤، ١٥٩، ١٧٩، ٣٣٩ |

لەم خشتەیەدا بە ئاماژەدانی زیاتر بە ناوی (عومەر)، بۆمان دەردەکەوێت بە هۆی هەڵوێست و کاریگەرییەکانی ئەو جێنشینە لە هەموویان زیاتر خۆشەویستتر و جێگای سەرنجی شاعیر بووە، جگە لەوەش ئەم جێنشینە ڕەمز و هێمایە بۆ دادگەری و خوداپەرستی و سەرکەوتنی ئاینی ئیسلام لە سەردەمەکەیدا.

### ٩.٢. ئاماژەدان بە ناوی هاوەڵانی پێغەمبەر:

هاوەڵانی پێغەمبەری ئیسلام، کۆمەڵێک مرۆڤی باوەڕداری لەخۆبردووی خاوەن خووڕەوشتی بەرز بوون کە زۆر پەیوەست بوون بە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی پێغەمبەرەکەیان و لە بڵاوکردنەوە و سەرخستنی ئاینی ئیسلامدا یارمەتیدەری بوون، (زاری)ی شاعیر بە ئاماژەدان بە ناوبردنی کۆمەڵێک لەو هاوەڵانە، سەرنجمان بۆ ڕەوشت و پابەندبوونی ئەو کەسانە بۆ ئاینداری ڕادەکێشێت. بۆ نموونە لە دێڕێکدا دەڵێت:

لە ئەسفەهـــانەوە بۆ مەدینە سەلمانی پاک

بە شەوقی شەمعی جەماڵی تۆوە هاتە قوبا (زاری: ١٥٦)

لێرەدا ئاماژە بە هاوەڵی پێغەمبەری ئیسلام (سەلمانی فارسی) دەکات، کە چۆن بە دوای ئاینی دروست گەڕاوە، لە وڵاتی فارس لە شاری (ئەسفەهان)ەوە هاتووەتە شاری (مەدینە) و لە (قوبا) شەیدای پێغەمبەر بووە و ڕێگای ڕاستی دۆزیوەتەوە و هاتووەتە ناو ئاینی ئیسلام و لە خزمەت پێغەمبەر بۆ سەرخستنی ئاینەکەی تا کۆتاییی ژیانی لە شاری (مەدینە) ماوەتەوە.

ناوی ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەر کە لە شیعری (زاری)دا ئاماژەدانی بۆ کراوە ئەمانەن: (ئەبوو زەڕ، ئەبوو عوبەید، ئەبوو هورەیرە، ئەنەس،

ئوسامە، بیلال، تەڵحە، زوبەیر، سەعد، سەعید، سەلمان، عەبدولرەحمان ئیبن عەوف، سوهەیب) (دیوانی زاری،٢٠١٠: ١٥٩).

### ٢.١٠. ئاماژەدان بە پیاوچاکی خاوەن پایە و دانایی:

شاعیر ئاماژەی بە ناوی چەند پیاوچاکێکی خاوەن دانایی و پلە لە لایەن خوداوە کردووە، کە بەسەرهات و باسی لێهاتوویی و داناییان لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە، لەوانە:

| ناو | ژمارەی ئاماژەدان | لاپەڕەی دیوان |
|---|---|---|
| خزر (خضر) | ١٧ | ٢٦، ٣٢، ٣٧، ٤٧، ٥٤، ٨٠، ٨٢، ١١٢، ١٢٦، ١٦٠، ١٨٣، ١٨٨، ١٩١، ٢١٥، ٣٤٤ |
| لوقمان | ٥ | ٧٧، ٧٨، ١٢٠، ١٣١، ٣٠٣ |

ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئاماژەدان بە ناوی پیاوچاک (خزر) لە شیعری زاریدا زۆر دووبارە بووەتەوە، کە (١٧) جار بەکارهاتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت, لای شاعیر ڕووداو و تواناکانی ئەم پیاوچاکە جێگای سەرنج بووە, پێیوایە ڕەمزی زانایی و دەستگرتن و یارمەتیدانی مرۆڤایەتییە. بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

دڵت گەر زیندووە "زاری" ئەبێ تەقلیدی مووسا کا

لە شاگردی خزردا بەڵکوو عیرفانێ وەدەس بێنێ (زاری: ١١٢)

### ١١.٢. ئاماژەدان بە ناوی زانا و کەسایەتیی مێژوویی و ئاینی:

لە شیعری (زاری)دا ئاماژە بە ناوی چەندین زانا و کەسایەتیی ئاینی و مێژوویی دراوە، کە لە مێژووی ئاینی ئیسلامدا ڕۆڵ و ناوبانگیان لە پەیامداریی ئەم ئاینەوە هەبووە، بە کەسایەتیی کاریگەر و خاوەن دەستکەوت هەژماردەکرێن. بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

نـــاوی مەشهـووره بـه ((ابـن خلکـــان))

سوحبەتی ئەو بە مس بە زێڕی قاڵ ئەکا (زاری: ٢٧)

گرنگترین ئەو کەسایەتییانەی لە شیعری (زاری)دا ئاماژەیان بۆ کراوە و جێگای سەرنجن ئەمانەن: (بووعەلی سینا ل١١٦، حاتەمی طەی ل١٢٠، حاجی کاک ئەحمەد ل٢٧٤، شاعوسمان ل٤١، مەنسور ل٤٢، غەوسی بەغدا ل١١٤، سیراج الدین سانی ل٧٥، ابن خەلەکان ل٢٧).

### ١٢.٢. ئاماژەدان بە ناوی پادشا و دەسەڵاتدار:

لە شیعری (زاری)دا ئاماژە بە ناوی چەندین پادشا و دەسەڵاتدار کراوە، کە کاریگەرییان هەبووە و ناویان لە قورئان و فەرموودە و مێژوودا تۆمارکراوە، ئەوانیش دەکرێنە دوو بەش:

### ١.١٢.٢. پادشا و دەسەڵاتداری دژ بە ئاین:

لە قورئان و فەرموودە و مێژوودا، کۆمەڵێک پادشا و دەسەڵاتداری ستەمکار و دژ بە ئاین باسکراون، کە ستەمکار و خوێنڕێژ بوون، بە هەموو شێوەیەک دژایەتیی مرۆڤایەتی و ئاینی خودا و پێغەمبەرانیان کردووە، خەڵک و گەلەکانیان چەوساندووەتەوە، شاعیریش بە ئاماژەدان بەم ناوانە ستەم و زۆرداری و بێباوەڕیی ئەوانمان بیردێنێتەوە، بۆ

پەندلێوەرگرتنی هەموو ستەمکار و فەرمانڕەوایانی سەردەم. بۆ نموونە لە شوێنێکدا دەڵێت:

سەدای ((إنی أنا الله)) کەوتە گوێی کردی بە چوماغی

هەزاران سیحر هامانی لەگەڵ فیرعەوندا بەرباد (زاری: ١٢٩)

لەم دێڕەی سەرەوەدا ئاماژەی داوە بە (فیرعەون) کە پادشایەکی دڵڕەقی ستەمکاری لەخۆبایی بووە لە سەردەمی پێغەمبەر (موسا)دا، تەنانەت داوای خوایەتی کردووە، هەروەها ئاماژەی بە (هامان)ی وەزیری بنیاتنانی (فیرعەون) کردووە.

لە شیعری (زاری)دا ئاماژە بە ناوی ئەم دەسەڵاتدارە ستەمکارانە کراوە: (اسکندەر ل٢٩، ئەبرەهە ل١٣٠، ئەبوو جەهل ل١٣، جالووت ل٧٧، حەججاج ل١٨، کیسرا ل٢٩، سامری ل٢٧٦، شەداد ل١١٧، فیرعەون ل ، قاروون ل، قیسەر ل٢٩، نەمروود ل١١٧، هامان ل٢٢، هێرقل ل٣٠٢).

**٢.١٢.٢. پادشا و دەسەڵاتداری پاڵپشت بۆ سەرخستنی ئاین:**

لێرەدا مەبەست لە ئاماژەدان بەو دەسەڵاتدارانەیە کە پاڵپشت بوونە بۆ پەیڕەوکەرانی ئاین و ڕۆڵیان لە سەرخستنی ئاینی خودا هەبووە، لە شیعری (زاری)دا ئاماژە دراوە بە ناوی ئەم دەسەڵاتدارانە: (ئاسەف ل١٢٢، شاژنی بەلقیس ل٢٣٠ ، عبدالمطلب ل٣٠ ، نەجاشی ل ١٥٧).

بۆ نموونە (زاری) لە شوێنێکدا ئاماژە بە پاشای (حەبەشە) دەکات، لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامدا، کە پەناگەی هاوەڵانی پێغەمبەری داوە، ئەو کاتەی لە چنگی دەسەڵاتدارانی (مەککە) ئەو شارەیان جێهێشتبوو، لەم بارەیەوە دەڵێت:

شـەوقیٚ لە ڕۆژی جەمـاڵت کەوتە موڵکی حەبەش

بەو شـەوقە ((نەجـاشـی)) تاجی عیززەتی سـەر نرا        (زاری: ١٥٧)

**١٣.٢. ئاماژەدان بە زاراوەی ئاینی:**

کۆمەڵێک زاراوە لە ناو شیعرەکانی (زاری)دا هەن، کە گوزارشت لە زاراوەی بواری ئاینی دەکەن، وەکو: (ئەهلی ئیمان ل٢٨، ئەهلی دین ل٥٠، ئیجتیهاد ل٣٤٠، ئێحسان ل٣٣٠، بیدعە ل٢٨٢، خالق ل٣٢٠، خوتبە ل٥٠، حەرام ل٣٣٤، حەلال ل٢٦٤، حەق ل٣١٠، حەیا ل١٠، دین ل٣٢١، دوعا ل٢٦٦، تاعەت ل٣٤١، تاغووت ل٣٠٩، تەسبیح ل٢٤٤، تەقوا ل٣١، تەهلیل ل١٧٦، تەوبە ل٧٩، تەواف ل٣٣٢، تەلقین ل٨٢، زیکر ل٢٤٤، زەکات ل٣٣١، زوهد ل١٠، ڕیا ل٥٠، ڕکوع ل٣٢٨، سەدەقە ل١٢١، سەلات ل٣٢٨، سەڵەوات ل١١، سوننەت ل٢٣٤، سوجدە ل٣٢٨، سیواککردن ل٣٣٤، شەفاعەت ل٢٧٨، شەرع ل٣٣٢، شەریعەت ل٤٠، شەفاعەت ل٢٧٨، عەبدی خوا ل٣٣٠، عومری نووح ل٣٠، عیبادەت ل٣٣٣، غەیبەت ل٣٣٤، کوفر ل٢٠٥، گوناه ل٣٤١، فتوا ل٢٦٨، فەڕز ل٧، فەساد ل٢٦٤، فیتنە ل٢٦٤، قوربانی ل١٢١، مەزهەب ل٣٤٠، مەعسییەت ل٥٢، مزگەوت ل٣٣١، مێحراب ل٣٧، موسڵمان ل٣٣١، موناجات ل١٢٥، معجزە ٣٢٧، نوێژ ل٣٢٨، ناحەق ل ١٣٧، واجب ل٣٣٤، واعیز ل٣٣٧)، مەبەست لە بەکارهێنانی ئەو زاراوانە لە لایەن شاعیرەوە، شارەزاییی شاعیر دەگەیەنێت لە قووڵایی ئاینی ئیسلام، وەک ئاماژەدان بۆ پاڵپشتکردن و گونجاندنی مەبەستی شیعرەکە دەردەکەون، ئەمەش وا دەکات پەیوەندییەک لە نێوان دەق و خوێنەری شیعرەکە دروستبکات. بۆ نموونە لەم دێڕەدا وشە هێڵبەژێرهاتووەکان لەم جۆرە ئاماژەدانەن:

له فەرز و سوننەتی ئیسلام بێزار

هـوتێل و سینـەمـا مـزگەوتیانە    (زاری: ٢٣٢)

**١٤.٢. ئاماژەدان بە تەریقەتی سۆفیگەری:**

له کوردستاندا دوو تەریقەتی سۆفیگەریی دیار و بەرچاو هەن، قادری و نەقشبەندی کە خاوەن پێگە و پەیڕەوکارانی خۆیانن، (زاری) چوار جار (ل ٥١، ل١٣٣، ل٢١٤، ل٣٤٢) ئاماژەی بە ناوی تەریقەتی (قادری) و دووجاریش (ل ٣٢، ل٣٤٢) بە ناوی (نەقشبەندی) کردووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، (زاری) لە لایەنگیری و پەیڕەوکاریی هەردوو تەریقەت خۆی بە دوور گرتووە و زیاتر پابەندی سوننەت و شەریعەت بووە. شاعیر لەم دێڕەدا ئاماژەی بە ناوی هەردوو تەریقەتەکە کردووە و دەڵێت:

سەرکاری دیوان بەرەکات بەخشی

دارای تـەریقەی قــادری و نـەقشی    (زاری: ٣٤٢)

**١٥.٢. ئاماژەدان بە زاراوەی سۆفیگەری:**

له شیعری (زاری)دا هاوشێوەی شیعری کلاسیکی سەردەمەکە، کۆمەڵێک زاراوەی جۆراوجۆر بەرچاودەکەون، کە دەچنە خانەی جیهانی سۆفیگەرییەوە و ئاماژەدانن بۆ ئەو بوارە، وەکو: (ئەهلی زوهد ٥١، ئیلاهی ل٢٢٥، ئیکسیر ل٥٠، ئیرشاد ل٣٤٢، بادە ل١٠٥، زوهد ل٣٤٢، زاتی حەق ل٢١٤، جام ل١٠٥، جامی بادە ل٣٠٢، جیلوە ل٢٩، خەڵوەت ل٢٩، حەریف ل٧١، حەقیقەت ل٣٤٢، پیر ل١٦١، پیر مغان ل٣٤٤، تەریقەت ل١١١، ١٧٥، دولبەر ساقی ل٣٤٤، ڕیازەتکێش ل٢٦٥، شاهـ حریفان ل٣٤٤،

موستەعید ل٥١، مورشید ل٣٤٢). بۆ نموونە لەم دێڕەدا شاعیر ئاماژەی بە کۆمەڵێک زاراوەی لەم جۆرە کردووە:

مامەوە بێ ساقی و جام و حەریف

هەمدەمم غەم، بادە خوێناوی جگەر (زاری: ١٠٥)

**١٦.٢. ئاماژەدان بە شوێن:**

لە شیعری (زاری)دا ئاماژە بە کۆمەڵێک شوێن دراوە، کە هەندێکیان پیرۆزی و ڕەهەندی ئاینی و هەندێکیشیان مۆرک و تایبەتمەندیی ئیسلامییان هەیە، ئەو شوێنانەش دەکرێنە دوو بەش:

**١.١٦.٢. شوێنی پیرۆزی بینراوی دونیا:**

کۆمەڵێک شوێنی ئاینی هەن، هەریەکەیان بایەخ و پیرۆزی و مێژوویەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە لە لایەن پەیڕەوکارانی ئاینییەوە پیرۆز و ڕێزلێگیراون، وەکو: (ئاورخانە ل١٥٣، ئاتەشگەدە ل٢٠٣، ئەقسا ل١٠٠، بتخانە ل٢٠٣، بەقیع ل٣٣٩، بیارە ل٣٧، بەدر ل٣٣٧، بەردی ڕەش ل١٢٥، بتخانە ل٢٠٣، بیت الله ل٦٧، بیت الحرام ل١٠٣، بیابانی بەنی یەعقووب ل١٢٨، تەکیە ل٢٦٥، تەوافی کەعبە ل٩٥، زەمزەم ل٥٢، حەڕا ل١٣، حوجرە ل٢٥، خاکی حەرەم ل٥٢، خانەقا ل٢٦٥، ڕەوزە ل٢٥، ڕەجم دێو ل٥٣، ڕوکنی یەمانی ل٣٢٢، ڕوکنی ئەسوەد ل٨٧، کەعبە ل٢٦٥، عیبادەتخانە ل٢٦٦، عیبادەتگاە ل٢٦٧، غاری حیرا ل٣٢٧، قیبلە ل٧٣، قەبر ل٥٩، قەبری تەنگ و تار ل١٤٤، قودس ل٢١٤، شاری مەدینە ل١٠١، شەرق مەککە ل٢٩، مزگەوت ل٢٥، مێحراب ل٣٧، میمبەر ل٦٠، مەدینە ل٣٠، مەککە ل١٢٩، مەقامی ئیبراهیم ل٨٧، مینا ل٥٣)، کە شاعیر ئاماژەی پێکردوون، ئەمەش ئەوپەری وردبینی و زانیاریی شاعیر لە

دەستنیشانکردنی شوێنە ئاینییەکان دەردەخات. بۆ نموونە شاعیر لە دێڕێکدا دەڵێت:

بۆ شـادمـانی نەکەن بــەدر و بەقیع و قوبـا؟

بۆ نەگری خاکی حەرەم کە ڕۆحی ئەڕواتە دەر؟ (زاری: ١٠١)

لێرەدا شاعیر ئاماژەی بە چوار شوێن داوە، کە لە لایەن پەیڕەوکەرانی ئاینی ئیسلامدا پیرۆز و ڕێزلێگیراون، ئەوانیش ناوچەی (بەدر) کە شەڕێکی مێژوویی ئیسلامی لێ ڕوویداوە، گۆڕستانی بەناوبانگی (بەقیع)، مزگەوتی (قوبا)، هەروەها (خاکی حەرەم) کە مەبەست لێی خاکی پیرۆزی مزگەوتی مەککەیە کە (کەعبە)ی ڕووگەی موسڵمانانی لێیە.

**٢.١٦.٢. شوێنی نەبینراوی دوارۆژ:**

کۆمەڵێک شوێن لە قورئان و فەرموودەدا باسکراون، لە دەرەوەی ژیانی دونیان، واتە لە ڕۆژی دوایی مرۆڤ دەیانبینێت، ئەوانیش دەکرێنە دوو بەش:

**١.٢.١٦.٢. شوێنی نەبینراوی خۆش و چێژبەخش لە دوارۆژدا:**

مەبەست لەو شوێنانەیە کە وەکو پاداشت بۆ کەسانی باوەڕداری ئاینی لە ژیانی دوارۆژدا ئامادەکراون، یان شوێنی پیرۆزن، وەکو: (ئاوی کەوسەر ل٥٤، بەهەشت ل٣٣٠، بەهەشتی جاودانی ل١٢٦، بەهەشتی عەدن ل١٨٠، باغی بەهەشت ل٢٥، باغی ڕەزوان ل٣٧، باغی فیردەوس ل٤٨، تەسنیم ل١٢٨، جەننەت ل٣٠، جەناتی عەدن ل٩٧ ، جەنناتی نەعیم ٧١، جنت رزوان ل١٣٠، داری تووبا ل٧٢، دار الشفا ل١٥٢، حەوزی کەوسەر ل٤٠، عەڕش ل٦، عەڕشی خودا، ، سەلسەبیل ل١٢٨، سەدرە ل٧، سیدرە ل٢٤، کەوسەر ل١٢٨، قەسری دار البقاء ل١٥٧، وەسیلە ل٨٩،ماڵی

بەقا ل٢١٨، ماڵی کەڕەم ل١٠٥، مەعموور ل١٠٣). لە شوێنێکدا شاعیر دەڵێت:

بە دەستی مێهر ئەگەر ساقی کەرەم کا پیاڵەیێ، ناکەم

لە ئاوی سەلسەبیل و شەربەتی تەسنیم و کەوسەر یاد (زاری: ١٢٨)

٢.٢.١٦.٢. شوێنی نەبینراوی ناخۆش و ئازاربەخش لە دواڕۆژدا:

مەبەست ئەو شوێنانەن کە وەکو سزا لە ڕۆژی دواییدا بۆ کەسانی بێباوەڕ و خراپەکار دانراوە، وەکو: (جەهەنەم ٢٥٠، جەحیم ل٥٩، جەحیمی پڕ شەڕاڕ ل١٨١، دۆزەخ ل١٧٧، سارای مەحشەر ل٢٣، سەقەر ل٤٠، سیڕات ل٣٣٣، ماڵی سەقەڕ ل١٠٥، مەیدانی شەفاعەت ل١٧٧، مەیدانی قیامەت ل١٣٤، مەیدانی مکافات ل١٨٧، مەیدانی موجازات ل٢٣٢، مەیدانی مەحشەر ل٣٣٣، مەحشەر ل٢٦). بۆ نموونە شاعیر لەم دێڕەدا ئاماژە بە پردی (سیرات) دەدات، کە لە ڕۆژی قیامەتدا دەبێت هەموو کەسێک بەسەریدا تێپەڕ ببێت و دەڵێت:

لە وەختی خۆفی عوبوور لە سیرات

ئـاگـات لیّمان بیٚ ئـاگـر نەمانخوات (زاری: ٣٣٣)

١٧.٢. ئاماژەدان بە کات:

شاعیر لە شیعرەکانیدا تێلنیشان و ئاماژەکردنی بە کۆمەڵێک کات کردووە، ئەو کاتانەش زیاتر لە قورئان و فەرموودە و مێژوو و کلتووری ئیسلامیدا ناویان هاتووە، کاتە ئاماژە بۆ کراوەکانیش دوو جۆرن:

٢.١٧.١. کاتەکانی دونیا:

هەندێک کاتی دونیا هەیە بۆ پەرستش و چاکەکاری، پیرۆز و ڕێزلێگیراون، وەکو: (ڕۆژی جەژن ل٣٣١، ڕۆژی تەواف ل٥٢، ڕۆژی بەرات ل٤٤، ڕۆژی قوربان ل١٥٢، ڕۆژی فەتحی موبین ل١٠٢، جەژنی قوربان ل٥٧، جومعە ل٣٤٣، شەوی جومعە ل٢٨٢، شەوی قەدر ل٥٩، شەوی بەرات ل١٣٦، شەوی قوربان ل٢٠٢، شەوی دوشەممە دوازدەهوم لە ماه ل٣٢٧، شەوی وەلادەت ل١٣٦، مانگی دووعا ل٢٩، مانگی رۆژوو ل٢٨، مانگی حەج ل١٥٨، مانگی ڕەمەزان ل٣٢٧، مانگی ڕەجەب ل١٤٥، مانگی نزوولی ڕەحمەت ل٥٩) کە لە تێگەیشتنی ئاینیدا بە کاتی زۆر گرنگ و بەخێر دادەنرێن. بۆ نموونە (زاری) دەڵێت:

ئـەی سـاحێبـانی دیـن، بـرایـانی موسلمین

وا مانگی ڕۆژوو هات بەرەو پیری با بچین (زاری: ٥٨)

٢.١٧.٢. کاتەکانی دواڕۆژ:

مەبەست لە کاتەکانی داهاتووی دوای ژیانی دونیایە، کە (زاری) ئاماژەی بۆ کردوون، وەکو: (ڕۆژی ئاخیرەت ل٣٢٤، ڕۆژی ترسی عاسیانی شەرمەسار ل١٧٧، ڕۆژی قیامەت ل٧٠، ڕۆژی جەزا ل٩٩، ڕۆژی حەشر ل٣٢٠، ڕۆژی عوبووری خەلق لە دەریای ئاتەشین ل٥٩، ڕۆژی مەحشەر ل١٦٨، نەفخی سوور ل٣٢٢، قیامەت ل٤٠)، بۆ نموونە شاعیر لەم دێڕەدا ئاماژە بۆ (ڕۆژی جەزا) دەکات، ئەو ڕۆژەش کاتێکی ڕۆژی دواییە، کە کاتی وەرگرتنی پاداشت و سزایە، بۆیە دەڵێت:

سەردەمی هەستان بۆ ڕۆژی جەزا "زاری" ئەڵێ

غەیری ڕووزەردی خـوداوەندا تکـاکـارم نییە      (زاری: ١٣٩)

**١٨.٢. ئاماژەدان بە بۆنە و جەژنی ئاینی:**

شاعیر لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بۆ کۆمەڵێک یاد و مەراسیم و بۆنەی ئاینی کردووە، کە لە ئاینی ئیسلامدا شوێن و گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو (ئیسرا و میعراج ل٤٠، بەرات ل٣١٦، جەژن ل١٠٧، جەژنی قوربان ل١٥٧، جەژنی کۆچی ڕۆژوو ل٨٣، جەژنی مەولوود ل٤٠، جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەر ل٤٠، حەج ل٥٣، حەجی ئەکبەر ل٤٩، حەجی فەقیرە جومعە ل١٠٧، عەمرە ل٥٣، مەولوود ل٤٠، هیجرەتی پێغەمیەر ل١٠٢). بۆ نموونە (زاری) لەم دێڕەدا ئاماژە بە جەژنی پیرۆزی قوربان دەکات و دەڵێت:

جەژنی قوربانە سبەی ئەی نازەنین

ئەمـن و دڵ پێکۆ بە قوربـانت ئەبین    (زاری: ٥٧)

**١٩.٢. ئاماژەدان بە کتێبی ئاسمانی:**

کتێبی ئاسمانی ئەو کتێبە پیرۆزانەن کە ناوەڕۆکیان ئەو گوفتارانەی خودای گەورەیە، کە بۆ ڕێنمایی و بەڕێوەبردنی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی بۆ پێغەمبەران نێردراوە، لە شیعری (زاری)دا ئاماژە بە کۆمەڵێک کتێبی ئاسمانی کراوە، کە هەر یەکەیان تایبەتن بە پێغەمبەر و ئاینێکی دیاریکراو. بۆ نموونە شاعیر لەم دێڕەدا ئاماژەی داوە بە چوار کتێبی ئاسمانی و دەڵێت:

یـا حـەی بە حـەقـی کـەلامــی پــاک و ئــایــاتی تـۆ

"تورات و انجیل" ، "زبور" "قورئان" و جوملەی سووەر (زاری: ١٠٤)

**٢٠.٢. ئاماژەدان بە ئاینی ئاسمانی:**

(زاری) لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بە چەند ئاینێک داوە وەکو: (ئیسلام ل٥٥، عیسەوی (مەسیحی) ل١٠، جوولەکە ل٢٢٤، بتپەرستی ل٥٠)، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەبەرئەوەی شاعیر پەیڕەوکارێکی پابەندە بە ئاینی ئیسلام، (٤١) جار ئاماژەی داوە بە ئاینی ئیسلام، لەم دێڕەدا شاعیر ئاماژەی داوە بە هەردوو ئاینی (جوولەکە و مەسیحی)، دەڵێت:

ئێسـتــا ئــاغــان عیسـەوی و جــوو

کۆمەکێ گەر نەکەی لە دەس دەرچوو (زاری: ١٠)

ئەوەی جێگای سەرنجە (زاری)ی شاعیر لە ناوهێنانی ئاینەکاندا، زیاتر مەبەستی ڕەتکردنەوەی ئەو ئاینانە و بەڕاستدانانی پەیڕەوکردنی ئاینی ئیسلام بووە، ئەمەش لە ڕوانگەی ئایەتی قورئانی (وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ) (آل عمران: ٨٥).

**٢١.٢. ئاماژەدان بە پلە و پایەی ئاینی:**

کۆمەڵێک پایەی ئاینی هەیە، بە تایبەتی لە ئاینی ئیسلامدا کە پیرۆز و ڕێزلێگیراون، شاعیر ئاماژەدانی بۆ کردوون، وەکو: (پیر مغان ل٣٤٤، پیری ڕەببانی ل٢٠٩، حاجی ل٢٧٤، خەلیفە ل٥١، جناب شیخ ل٣٤٩، دەروێش ل٥٦، سەیید ل٢٧٤، سۆفی ل٦٣، شێخ ل١٣٤، شێخی ئەشعەری ل٣٤٠، شیخ الاسلام ل٣١، فەقێ ل١٤٥، قوتبی زەمانە ل٥٠، مەلا ل٦٢). بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

قوتبی زەمـانە دەرویش! ئـاگایە، ئاشنایە

چ ئاشنا کە مەنزوور جەنابی موستەفایە    (زاری: ٥٠ )

**٢٢.٢. ئاماژەدان بە مەزهەبەکانی ئاینی ئیسلام:**

لەناو موسڵمانانی سوننە[٣]ی ئاینی ئیسلامدا چوار ڕێچکە (مەزهەب)ی شەریعەت لە ئایندا هەن، ئەوانیش ناودەبرێن بە (حەنەفی، مالیکی، شافیعی، حەنبەلی)، کە هەر یەکێک لەو مەزهەبانە زانایەکی شارەزا لە ئایندا پێشەوایەتی دەکات و خەڵکی ئایندار پەیڕەویان دەکەن، شاعیر لەم دوو دێڕەدا ئاماژە بە هەر چواریان دەکات و دەڵێت:

چوار نەفەرن ئەعلـــەم و ئەڕشەد

(نیعمان شافیعی مالک و ئەحمەد)

مەزهەبیان سەحیح واجبە ئینسان

خۆی تەسلیم بکـا بە یەکێ لـەوان        (زاری: ٣٤٠)

**٢٣.٢. ئاماژەدان بە جەنگەکانی ئیسلام:**

لە مێژووی ئاینی ئیسلامدا کۆمەڵێک جەنگ لە نێوان موسڵمان و بێباوەڕاندا بۆ سەرخستنی ئاینەکە لە سەردەمی پێغەمبەرەکەی و دوای ئەویش ڕوویداوە، سەرکەوتنی موسڵمانانیش لەو جەنگانەدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەبووە بۆ بڵاوکردنەوە و تەشەنەکردنی ئاینەکە، (زاری) ئاماژەی بە کۆمەڵێک لەو جەنگانە کردووە، لەوانە (ئوحود ل٣٣٧، بەدر ل٥٩، تەبووک ل٣٣٨، حونەین ل١٥٧، خەیبەر ل١٦١، خەندەق ل٣٣٨، فەتحی مویەسسەر ل٣٣٨، موتە ل١٥٩). بۆ نموونە لەم دێڕەدا شاعیر ئاماژەی بە دوو لەو جەنگانە کردووە و دەڵێت:

پڵنگـەکـانی مەسـافی بـەدرە بـەدری ئومـەم

شێرانی ڕۆژی شەڕی حونەینە مەردی خودا (زاری: ١٥٧)

## ٢٤.٢. ئاماژەدان بە خێزان و دایکی پێغەمبەران:

(زاری) لە چەند شوێنێکدا ئاماژەی کردووە بە ناوی هەندێک ئافرەت کە کەسێتی و مۆرکێکی ئاینییان هەیە، ناو و بەسەرهاتیان لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە، وەکو ( ئامینە ل٣٢٧، بەلقیسە ل٢٠٣، زولەیخا ل٣٨، دایکی مەسیح ل١١٠، مەریەم ل١٠٠، خەدیجە، سەودە، عایشە، حەفسە، زێنەب، ئوممەسەلمە، ریێحانە، ام حەبیبە، زێنەب، جۆریە، سەفیە، مەیموونە ل٣٣٥)، کە ئەمەش گوزارشت لە شارەزاییی شاعیر بۆ بەسەرهات و ژیانی تایبەتی ئەوانە دەردەخات، بۆ نموونە لەم دێڕەدا ئاماژە بە دایکی پێغەمبەری ئیسلام دەکات و دەڵێت:

دایکـــی ئـــامـیـنـە کچـی وەهـەبـە

ئەویش لە ئەشراف دەستەی عەرەبە (زاری: ٣٢٧)

## ٢٥.٢. ئاماژەدان بە بتەکان:

هەرچەندە دروستکردن و دانانی بتەکان و پەرستنیان، لە بنچینەدا بە مەبەستی ڕێوڕەسمی ئاینی و پەرستش و یارمەتیدەر و نزیکبوونەوە بووە لە خودا، بەڵام ئاینە ئاسمانییەکان ئەمەیان ڕەتکردووەتەوە و بە هەڵە و هاوبەشیدانان بۆ خودای تاک و تەنیایان داناوە، (زاری) ئاماژەدانی کردووە بە ناوی کۆمەڵێک بت لەوانە (هوبەل، مەنات، لات، عوززا) کە لە پێش هاتنی ئاینی ئیسلام و سەردەمی پێغەمبەرەکەشیدا لە لایەن خەڵکەوە لە شاری (مەککە) بە پیرۆز سەیردەکران و دەپەرستران، بەڵام لە دواییدا لەناو بردران. لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێت:

به تێغی تیژی وەحدەت ڕیشەیی شیرکت وەهــا پەی کرد

هوبەل بێ قەدر وقیمەت وەک مەنات و لات و عوززا مات (زاری: ١٤)

**٢٦.٢. ئاماژەدان بە سیما و جلوبەرگی ئاینی:**

لە شیعری (زاری)دا ئاماژە بە کۆمەڵێک شێوە و سیما و جۆری جلوبەرگ دراوە کە لە ئاینی ئیسلامدا بە چاوی ڕێز و پایە بۆ کەسەکە سەیر دەکرێن، وەکو (ڕیش ل٤٩، مێزەر ل٤٩، مێزەری زەرد ل٢٧٤، پشتێنی سەوز ل٢٧٤، کەشیدە ل٤٩، عابا ل٤٩، عابای سەوز ل١٢٥، لیباسی تەقوا ل٢٧٤). بۆ نموونە لەم دێڕەدا ئاماژەی بە (ڕیش، کەشیدە، عابا و مێزەر) کردووە و دەڵێت:

وەرە بــازاڕی مـێزەر و عـابـا

ئەهلی ڕیش و کەشیدە بدوێنە (زاری: ٤٩)

**٢٧.٢. ئاماژەدان بە ڕووداو و کارەساتی مرۆڤایەتیی دونیا:**

هەندێک کارەسات و ڕووداوی نەخوازراو لە ڕابردوودا بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتوون و لە داهاتووشدا ڕوودەدەن کە مۆرکێکی ئاینییان هەیە و لە سەرچاوە ئاینییەکاندا باسیان لێوەکراوە، وەکو (بەردی تەیر لئەبابیل ل١٥٦، تۆفانی نوح ل١٤٧، نقووم بوونی نەتەوەی فیرعەون لەدەریادا ل٣٠٢، نەفخی سوور ل١٤٧). شاعیر لەم دێڕەدا ئاماژەی کردووە بە کەڕنالێدانی سووڕ و زەمینلەرزەی ڕۆژی دوایی، کە دەڵێت:

شێوەی نەفخی سوور قیامەت ئەدەن

زەلـزەلـە ســارا و کـەژ و کۆ ئەخەن (زاری: ١٤٧)

## ئەنجامەکان

١. لە شیعری (زاری)دا میکانیزمی ئاماژەدان لە ناسینەوەی دەق و بواری ئاینیدا، ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە، چونکە دەقاوێزان کرداری ئامادەبوونی دەقێکە لەناو دەقێکی تردا، بە شێوەیەکی دیار بێت یان نادیار، ئاماژەدانیش بەڵگەیەکی ئاشکرای ئامادەبوونی دەقی ئاینی لە شیعردا پێکدێنێت.

٢. (زاری) بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان میکانیزمی ئاماژەدانی لە دەقاوێزانی ئاینیدا بەکارهێناوە، بە تایبەتی لە ئاماژەدان بە ناوەکان زۆر وردبین و شارەزا بووە.

٣. شاعیر مەزراندنی میکانیزمی ئاماژەدانی لە دەقاوێزانی ئاینیدا بە شارەزایی و تێگەیشتن لە بواری ئاینیدا، لە قورئان، فەرموودە، مێژوو و دەقە ئاینییەکاندا کردووە.

٤. خۆشەوستیی شاعیر بۆ پێغەمبەری ئیسلام ئاستێکی بەرزی هەیە، بۆیە زۆرترین ئاماژەدانی بۆ ناو و سیفەتەکانی کردووە، بە ڕادەیەک زیاتر لە ناو و سیفەتەکانی خودا ئاماژەی پێداوە.

٥. بە هۆی زۆر بەکارهێنانی میکانیزمی ئاماژەدان بە دەقی ئاینی لە قورئان و فەرموودەدا، لە شیعری (زاری)دا، بابەت و مەبەستی ئاین بە سەر ناوەڕۆکی شیعریدا زاڵە.

## پەراوێزەکان

١- شاعیر ناوی مەلا عەبدولکەریم صائب کوڕی فەقێ عەبدوڵڵا کوری ساڵح کوڕی مەلا فەیزوڵڵا کوڕی مەلا حەمزە کوڕی مەلا ئەبوبەکرە. لە دێی (ئاڵکەڵوو) سەر بە شاری (سەقز) لە ساڵی (١٩٠٥) لەدایکبووە، لە تەمەنی (٧٧) ساڵیدا، لە دێی (ئارەبوغلووری سەروو) لە ساڵی (١٩٨٢) کۆچی دوایی کردووە، دیوانێکی شیعری بە ناوی (زاری) هەیە، هەروەها داستانی (لەیلی و مەجنون)ی (نیزامی) لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە پێشەکی دیوانی زاری).

٢- پەرجوو لە ئاینی ئیسلامدا بریتییە لە ڕووداو و ئەنجامدانی کارێکی سەرووی توانا و هێزی مرۆڤایەتی، لە لایەن پێغەمبەرانەوە ئەنجامدەدرێت و تایبەتە بە ئەوان، لە بنچینەدا توانای خۆیان نییە و کەسانی تر ناتوانن بیکەن، بەڵکو خودای گەورە ئەوەیان پێدەبەخشێت، مەبەست لەو کارەیان ئەوەیە بۆ خەڵکی بسەلمێنن کە ئەوان نێردراوی ڕاستیی خودان و بانگهێشتیان بکەن بۆ ڕێگای ڕاستی ئایینداری، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (https://zaniary.com/blog/609d9f9d644d5/).

٣- سوننە: قوتابخانەیەکی هزریی ئاینی ئیسلامە، بەو موسڵمانانە دەگوترێت لە لایەنی بیروباوەڕ، ڕامیاری و کار و کردەوە و پەیڕەوکردنی ئاینەکەدا، لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر و هاوەڵەکانن (مەعروف، ٢٠١٥، ١٢).

## سەرچاوەکان

* قورئانی پیرۆز.

**کتێبی کوردی:**

* حسێن، شنۆ محەمەد مەحموود (٢٠١٢)، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بەنموونەی (پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت)، چاپخانەی بینایی.

* ڕەسول، هەڵمەت بایز (٢٠١٣)، دەقاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلی، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر.

* عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١٢)، جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

* صائب، محەممەد سادق (٢٠١٠)، دیوانی زاری، مەلا عەبدولکەیم صائب (زاری)، چاپ و بڵاوگەی: محەممەدی سەقز، چاپی یەکەم.

**کتێبی عەرەبی:**

* أنجينو، مارك (١٩٨٧)، أصول الخطاب النقدي الجديد، ترجمة و تقديم: أحمد المديني، دار الشؤن الثقافة العامة.

* البقاعی، محمد خير (١٩٨٨)، آفاق التناصية، المفهوم والمنضور، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

* الشيباني، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد (المتوفى: ٢٤١هـ) (١٤٢١ هـ-٢٠٠١م)، مسند الإمام أحمد بن حنبل، المحقق:

شعيب الأرنؤوط- عادل مرشد، وآخرون، الناشر: مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى.

* المناصره، عزالدين (١٩٩٢)، علم التناص المقارن، الطبعة الاولى، الشارقة.

* تودوروف، تزيفتان (١٩٨٩) ، في أصول الخطاب النقدي الجديد، ترجمة: أحمد المدينى، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الثانية، بغداد.

* حسنين، نبيل علي (٢٠١٠)، التناص دراسة تطبيقية في شعر شعراء النقائض (جرير، الفرزدق، الاخطل)، الطبعة الأولى، دار كنوز المعرفة، عمان.

* ناهم، أحمد (٢٠٠٤)، التناص فى شعر الرواد، دار الشؤون الثقافة العامة، الطبعة الاولى، بغداد.

* واصل، عصام حفظ الله حسين (٢٠١١)، التناص التراثي في الشعر العربي، الطبعة الأولى، دار غيداء، عمان، الأردن.

**کتێبی فارسی:**

* اشميتس، توماس (١٣٨٩)، در آمدى بر نظريەى أدبى جديد و أدبيات كلاسيک، ترجمه: دکتر حسين صبورى و صمد عليون (خواجه ديزج)، انتشارات دانشگاه تبريز، چاپ أول.

* آلن، گراهم (١٣٨٩)، بنيامتنيت، ترجمة: پيام يزدانجو، چاپ سوم و برات دوم، چاپ علامه گباگبايى، نشر مرکز، تهران.

* کۆمەڵێک نووسەر، ڕەسول، هەڵمەت بايز (١٣٩٤)، مجموعه مقالات همايش ملى کرد فرهنگ و ادب ايرانى و اسلامى، نجم الدين جبارى، تالار مولوى دانشگاه کردستان.

**گۆڤـارەکان:**

* حیتو، ارشد (٢٠١٩)، هێمایێ ئاینی دهوزانا نویخوازا کوردیدا بنمونێن (ئەحمەدی مەلا، عارف حیتۆ)، گوڤارا زانکویا دهوک، پەربەندا: ٢٢، ژمارە (٢٢)، زانستێن مروڤایەتی و کومەلناسی.

* مەولود، ڕێزان صالح (٢٠١٧)، دەقاوێزان لە ڕۆمانی (حیکمەتی پیران)ی عەبدولکەریم فەتتاحدا، گۆڤاری توێژەر، ژمارە (٠)، زانکۆی سۆران.

* بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر (١٩٩٧)، دەقئاوێزان و نوێگەری ئەدەبیات، گۆڤاری ئێستا، ژمارە (٣).

* امین، عبدالقادر حمە (٢٠١٥)، دەقاوێزانی خودی لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمد) دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٦)، کانوونی دووەم.

* محەمەد، ئەنوەر قادر (٢٠٠٦)، دەقاوێزانی شیعری مەولانای ڕۆمی (١٢٠٧.١٢٧٣) و مەولەویی تاوگۆزی (١٨٠٦.١٨٨٢) ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٨)ی تشرینی یەکەم.

**مجلة العربية:**

* نعیمة، ا.فرطاص (٢٠١٠)، أدبیة النص عند میخایل ریفاتیر، مجلة کلیة الآداب و علوم الانسانیة و الاجتماعیة، جامعة محمد خیظر.بسکرة، جزائر، عدد (٧).

**نامەی ئەکادیمی:**

* صالح، چاوەڕێ نعمەت (٢٠٢٠)، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە شیعرە عیرفانییەکانی مەحوی دا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

* مەعروف، شێرزاد ئەحمەد (٢٠١٥)، تایبەتمەندی ڕیتم و میلۆدی لە تەریقەتی قادری دا لە شاری هەولێر، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**الاطروحة:**

* معاش، حياة، التناص في تائية ابن الخلوف، رسالة ماجستير، الجامعة العقيد الحاج لخضر باتنة، كلية الاداب والعلوم الانسانية، قسم اللغهة العربية وأدابها، ٢٠٠٤ .

**پێگەی ئەلیکترۆنی:**

* https://zaniary.com/blog/609d9f9d644d5/

**ملخص**

يتطرق هذا البحث المعنون (آلية الإشارة في التناص الديني في شعر زاري)، إلى استخدام آلية الإشارة في التناص الديني، أشعار (زاري ١٩٠٥-١٩٨٢) نموذجاً، استناداً إلى المنهج الوصفي- التحليلي، وأحياناً المنهج الإحصائي. ويتألف البحث من مقدمة ومبحثين، تم في المبحث الأول تناول مواضيع نبذة عن التناص، مصطلح التناص وتعريفه، ثم مصطلح الدين وتعريفه، وأخيراً التناص الديني، وفي المبحث الثاني تم التطرق إلى آلية الإشارة في التناص الديني لشعر (زاري) وتم تحديد مجموعة نقاط تفصيلية في أشعاره كنموذج، وفي الختام تم عرض استنتاجات البحث، مع ملخص البحث باللغة العربية والإنكليزية.

**ABSTRACT**

This research, entitled (The Mechanism in Religious Intertextuality in Zari's Poetry), deals with the use of the Indicative Mechanism in Religious Intertextuality, poems of (Zari 1905.1982) as a model, based on the descriptive.analytical approach, and sometimes the statistical approach. The research consists of an introduction and two sections. In the first section, topics about intertextuality, the term intertextuality and its definition, then the term religion and its definition, and finally religious intertextuality were discussed, and in the second section, the Indicative mechanism in the religious intertextuality of Zari's poetry was addressed, and a set of detailed points of his poems were identified as a model. And in the end, the conclusions of the research were presented, with a summary of the research in Arabic and English language.